# پاداشتی یادی خوای گەورە

بسم الله الرحمن الرحيم

**الحمدلله و الصلاة والسلام على رسول الله و على اله و صحبه و من والاه ... و بعد :**

مسوڵمانی بەڕێز : گەر دەتەوێ دڵێکی ئارام و ڕووناکت هەبێ ، گەر دەتەوێ هەست بە چێژی ئیمان بکەیت ، گەر دەتەوێ بە بینینی خوای گەورە شاد بیت و ڕووبار و درەخت و کۆشکەکانی بەهەشتت دەست بکەوێت و حۆریە چاوگەشەکان ببن بە هاوسەرت لە بەهەشتدا ، بۆ دەستکەوتنی هەموو ئەو شتانە ڕێگایەکی ئاسان هەیە ئەویش ( یادی خوای گەورەیە ) ، ئەو خوایەی کە بە جوانترین و ڕێکترین شێوە دروستی کردوویت ، پێغەمبەری خوا ( ﷺ )

فەرموویەتی : " هیچ کردەوەیەکی ئادەمیزاد نیە وەکو ئەو کردەوەیە . یادی خوای گەورە . کە ڕزگاری بکات لە سزای خوای گەورە " .

هەروەها فەرموویەتی (ﷺ) : " نمونەی ئەو کەسەی کە زیکری خوا دەکات وە ئەو کەسەی کە زیکری خوا ناکات وەکو نمونەی زیندوو مردوو وایە " ( رواه البخاري : ١١ / ١٧٥ ) .

( **ابن تيمية** ) فەرموویەتی : (( یادی خوا بۆ دڵ نمونەی ئاو وایە بۆ ماسی ، ئەبێ حاڵی ئەو ماسیە چۆن بێت بە بێ ئاو ؟ )) .

## سوودەکانی یادی خوای گەورە

١ . شەیتان دوور دەخاتەوە و ڕسوا و پشت شکاوی دەکات .

٢ . دەبێتە هۆی ڕەزامەندی خوای گەورە .

٣ .دەبێتە هۆی لابردنی خەم و خەفەت لەسەر دڵەکان .

٤ . دەبێتە مایەی خۆشی و بەختەوەری و دڵ فراوانی .

٥ . دەبێتە هۆی بەهێزبوونی دڵ و جەستە .

٦ . دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕزق و ڕۆزی .

٧ . دەبێتە هۆی ئەوەی کە خوای گەورە یادت بکات . پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : خوای گەورە فەرموویەتی " هەرکەسێك لە نەفسی خۆیدا یادم بکات منیش لە نەفسی خۆمدا یادی دەکەم ، وە هەرکەسێك لە ناو کۆمەڵێکدا یادم بکات لە ناو کۆمەڵێکی لەوە باشتردا یادی دەکەم ( واتە : لەلای مەلائیکەت یادی دەکەم ) " .

٨ . دەبێتە هۆی سڕینەوەی تاوانەکان .

٩ . یادی خوا بە تەنهایی لەگەڵ گریاندا دەتخاتە ڕیزی ئەو حەوت کۆمەڵەی کە لە ڕۆژی قیامەتدا لە ژێر سێبەری عەرشی خوادان ( مسلم ) .

## هەندێك لە زیکرە پاداشت زۆرەکان

پێغەمبەری خوا ( ﷺ ) فەرموویەتی :

١ . " ئایا یەکێك لە ئێوە ئەوەندە بێ دەسەڵاتە لە ڕۆژێکدا هەزار چاکە بە دەست بهێنێت ؟ سەد جار ( سبحان الله ) بکات ، خوای گەورە هەزار چاکەی بۆدەنوسێت ، وە هەزار خراپەی لە سەر لادەبات و دەیسڕێتەوە " .

٢. **" هەرکەسێك چووە ناو بازاڕەوە بڵێت :** ( لا اله إلا الله وحده لا شريك له ، له الملك و له الحمد ، يحيي و يميت ، و هو حي لا يموت بيده الخير ، و هو على كل شيء قدير ) . **ئەوا خوای گەورە هەزار هەزار چاکەی بۆ دەنوسێت** ( **واتە : ملیۆنێك** ) ، **وە هەزار هەزار خراپەی لەسەر دەسڕێتەوە ، وە هەزار هەزار پلە بەرز دەبێتەوە ، وە خانوویەکی لە بەهەشتدا بۆ دروست دەکرێت " .**

٣. **" خوای گەورە چوار وتەی هەڵبژاردووە لە هەموو وتەکاندا : کە** ( سبحان الله ، الحمد لله ، لا اله إلا الله ، الله أكبر ) **ن هەر کەسێك بڵێت :** ( سبحان الله ) **بیست چاکەی بۆ دەنوسرێت ، وە بیست خراپەشی لەسەر لادەچێت ، هەرکەسێك بڵێت** ( الله أكبر ) **هەمان شێوەیە ، هەرکەسێك بڵێت :** ( لا اله إلا الله ) **هەمان شێوەیە ، وە هەرکەسێك بڵێت :** ( الحمد لله رب العالمين ) **لە دڵ و دەروونی خۆیەوە ، سی چاکەی بۆ دەنوسرێت ، وە سی خراپەشی لەسەر لادەچێت " .**

٤. **" ئایا دەرگایەك لە دەرگاکانی بەهەشتتان نیشان بدەم ؟** ( لا حول و لا قوة إلا بالله ) **یە " .**

٥. **" بڵێ :** ( سبحان الله ، الحمد لله ، لا اله إلا الله ، الله أكبر ) ، **بە هەر وتەیەکیان درەختێکت بۆ دەنێژرێ لە بەهەشتدا " .**

٦. " هـيچ مرۆڤێكـی ( مسولْمانێكی ) سـەر زەوی نیـە كـە بلْێـت : ( لا الـه إلا الله و الله أكـبر و لا حول ولا قوة إلا بـالله ) ، ئەبێتـە هـۆی سـڕینەوەی خراپـەكانی ، ئەگـەر بـە ئەنـدازەی كـەفی سـەر دەریاش بێت " .

٧ . هەركەسێك بلْێت : ( سبحان الله العظیم و بحمده ) دارخورمایەكی لـە بەهەشتدا بۆ دەنێژرێت ".

٨ . " هەركەسـێك سـەد جـار بلْێـت : ( سبحان الله و بحمده ) لـە ڕۆژێكـدا ، خراپـەكانی لەسـەر لادەچێت ئەگەر بە ئەندازەی كەفی سەر دەریاش بێت ".

٩ . " ئایا فرمانێكتان پـێ ڕابگەیـەنم ئەگـەر كردتـان ئەگـەن بەوانـەی پـێش خۆتـان ، وە پـێش ئەوانەی دوای خۆتان دەكەون ؟ لەدوای هەموو نوێژێكی فەرزەوە ( ٣٣ ) جار ( الحمد لله ) ، (٣٣ ) جار ( سبحان الله ) ، (٣٤ ) جار ( الله أكبر ) بكەن " .

١٠ . " هەركەسێك ( ١٠٠ ) جار بلْێت : ( سبحان الله ) پێش خۆرهەلاْتن ( واتە : لە دوای نوێژی بەیانی یەوە ) ، وە پێش خۆر ئاوابوون ( واتـە لـەدوای نوێـژی عەسـرەوە ) ، چاكترە لـە ( ١٠٠ ) وشـتر بیكـات بـە خێـر ، وە هەركەسـێك ( ١٠٠ ) جـار بلْێـت : ( الحمـد لله ) پـێش خۆرهـەلاْتن و خۆرئاوابوون ، چاكترە لە ( ١٠٠ ) ئەسپی ئامادەكراو بۆ جیهاد لە پێناوی خوای گـــەورەدا ، وە

**هـــەركەسێك** ( **١٠٠** ) **جار بڵێت** : ( الله أكبر ) **چاكترە لە ڕزگاركردنی** ( **١٠٠** ) **گەردن** ( **بەندە** ) ، **وە هەركەسێك** ( **١٠٠** ) **جار بڵێت** : ( لا إله إلا الله وحده لا شريك له ، له الملك ، و له الحمد ، و هو على كل شيء قدير ) **پـێش خۆرهـەڵاتن و خۆرئـاوابوون ، هـیچ كەسـێك لـە ڕۆژی قیامەتـدا نایـەت كردەوەی لە كردەوەی ئەم چاكتر بێت ، تەنها كەسێك نەبێت كە وەكو ئەم وتوویەتی ، یان لەم زیاتری خوێندبێت** " ( صحيح الترغيب : ٦٥٤ ) .

**١١** . " **ئایا هەندێك وشەت فێر بكەم ئەگەر بیڵێیت خوای گەورە لە گوناهەكانت خۆش دەبێت ، ئەگەر چی لە گوناهەكانیشت خۆش بووبێت** ( إذا قلتهن غفر الله لك ، و إن كنت مغفورا لك ) ، **بڵـێ** : ( لا اله إلا الله العلي العظيم ، لا اله إلا الله سبحان الله رب السماوات السبع و رب العرش العظيم ، الحمد لله رب العالمين ) " .

**١٢** . " **هەركەسێك بڵێت** : ( لا اله إلا الله وحدة لا شريك له ، له الملك ، و له الحمد ، يحيي و يميت ، و هو على كل شيء قدير ) **دە جار لـە دوای نوێـژی مەغریبـەوە ، خـوای گـەورە كۆمـەڵێك فریشـتەی بـۆ دەنێرێـت كـە بیپارێزێـت لـە شـەیتانەكان هـەتاكو بـەیانی ، وە دە چاكـەی ڕزگاركـەری** ( موجبات ) **بـــۆ دەنوسـێت ، وە دە گونـاهی گـــەورە و لـــەناوبەری** ( الموبقات ) **لەسەردەسڕێتەوە ، وە پاداشتی دە بەندەی بڕواداری ڕزگاركراوی بۆ دەنوسرێت** " .

١٣ . " لە مرۆڤدا ( ٣٦٠ ) جومگە هەیە ، لەسەر هەر یەکێکیان هەموو بەیانیەك لە هەموو ڕۆژێکدا خێرێك هەیە بیکات ، هەموو نوێژێك خێرێکە ، ڕۆژوویش خێرێکە ، حەجیش خێرێکە ، ( سبحان الله ) خێرێکە ، ( الحمد لله ) خێرێکە ، دوو ڕکات نوێژی چێشتەنگاو . الضحی ـ بەسە لەجیاتی ئەمانە " .

١٤ . " هەرکەسێك نوێژی چێشتەنگاو چوار ڕکات بکات ، پێش نوێژی نیوەڕۆ چوار ڕکات بکات ، ماڵێکی لە بەهەشتدا بۆ دروست دەکرێت " .

١٥ . " هەرکەسێك چوار ڕکات نوێژ پێش نوێژی نیوەڕۆ و چوار ڕکات دوای نوێژی نیوەڕۆ بکات ، خوای گەورە لە ئاگری دۆزەخ دەیپارێزێت " .

١٦ . " هەرکەسێك لە ڕۆژێکدا ( ١٢ ) ڕکات نوێژی سوننەت بکات ماڵێکی بۆ دروست دەکرێت لە بەهەشتدا : چوار ڕکات پێش نیوەڕۆ و دوو ڕکات لەدوای ، دوو ڕکات دوای مەغریب ، دوو ڕکات دوای عیشا ، دوو ڕکات پێش نوێژی بەیانی " .

١٧ . " دوو ڕکات سوننەتی پێش نوێژی بەیانی چاکترە لە دونیا و ئەوەشی تێیدایە " ( رواه مسلم و الترمذي ) .

١٨ . " **نوێژی سوننەت کەسێك کە دەیکات و کەس نایبینێت خێری** ( ٢٥ ) **نوێژی هەیە کە لە بەرچاوی خەڵك دەیکات** " .

١٩ . " **هەرکەسێك** ( ١٠ ) **جار** ( قل هو الله أحد ) **بخوێنێت خوای گەورە ماڵێکی لە بەهەشتدا بۆ دروست دەکات** " .

٢٠ . " **خوێندنی سورەتی** ( قل هو الله أحد ) **خێری سێ یەکی قورئانی هەیە ، وە سورەتی** ( قل يا أيها الكافرون ) **خێری چوار یەکی قورئانی هەیە** " ( صحيح الترغيب : ٥٨٢ ) .

٢١ . " **هەرکەسێك سورەتی** ( الكهف ) **لەڕۆژی هەینیدا بخوێنێت ڕووناکیەك نێوان هەردوو هەینیەکەی بۆ ڕۆشن دەکاتەوە** " .

٢٢ . " **هاوبەش بڕیاردان بۆ خوای گەورە لەناو ئێوەدا لە ڕۆیشتنی مێروولە نادیارترە ، با شتێکتان فێر بکەم ئەگەر کردتان لە شیرکی گەورە و بچووك دوورتان دەخاتەوە : بڵێیت** : ( اللهم إني أعوذ بك أن أشرك بك وأنا أعلم ، وأستغفرك لما لا أعلم ) " **واتە : خوایە پەنات پێ دەگرم لەو شیرکانەی کە دەیزانم وە پەنات پێ دەگرم لەوانەی کە نایزانم** .

٢٣ . " **هەرکەسێك خواردنێکی خواردبێت ئینجا وتبێتی** : ( الحمدلله الذى أطعمنى هذا الطعام و رزقنيه من غير حول مني و لا قوة ) **خوای گەورە لە گوناهەکانی پێشووی خۆش دەبێت ، وە**

**هەرکەسێك پۆشاکێکی لەبەر کردبێت و وتبێتی :** ( الحمد لله الذي كساني هذا و رزقنيه من غير حول مني و لا قوة ) ، **خوای گورە لە گوناهی پێش و پاشی خۆش دەبێت " .**

**٢٤ . " هەرکەسێك داوای لێخۆش بوون بکات بۆ بڕوادارانی پیاوان و ئافرەتان ( واتە بلێت : خوایە لە بڕوادارانی پیاوان و ئافرەتان خۆشبە ) ، خوای گەورە بە ئەندازەی هەموو پیاو و ئافرەتێکی بڕوادار چاکەی بۆ دەنوسێت " .**

**٢٥ . " هەرکەسێك کاتێك بەیانی دەکاتەوە ( واتە : دوای نوێژی بەیانی ) دە جار سڵاواتم لەسەربدات ، وە کاتێك ئێوارە دێت ( واتە : دوای نوێژی عەسر ) دە جار ، ئەوا بەر شەفاعەتی من دەکەوێت لە ڕۆژی دواییدا " .**

**٢٦ . " هەموو دوعایەك وەرناگیرێت تاوەکو سڵاوات نەدەیت لەسەر پێغەمبەر ( ﷺ ) " .**

**- لەو شوێنانەی کە ناوی سەرچاوەی فەرموودەکە نەبراوە لە کتێبی** ( ترتيب أحاديث صحيح الجامع الصغير و زيادته . الحافظ جلال الدين السيوطي / حققه : الشيخ العلامة محمد ناصرالدين الألباني ) **فەرموودەکە وەرگیراوە .**

**و الحمد لله الذي بنعمته تتم الصالحات**

ئامادەکردنی مامۆستا ادریس محمود

ماڵپەڕی فەرموودە

www.fermude.com